# کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق.. داکەوتە و لێکەوتەکان

**د. یاسین تەها،** پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

بەپێی ڕاگەیەنراوە فەرمی و دزەپێکراوەکان، بڕیارە لە ماوەی دوو ساڵی ئایندەدا ( تا کۆتایی 2026) هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەمریکا لە عێراق بە چەند قۆناغێك بکشێنەوە و کۆتایی بە ڕۆڵی "هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیی دژی داعش" بهێنرێت، کە دەوروبەری 10 ساڵە دەستبەکارە. ئەم شرۆڤەیە لەبارەی وردەکاری و لێکەوتەکانی ئەم پلانە هەڵوێستە دەکات.

**پەرەسەندنەکانی پلانی کشانەوە**

بەپێی بڕگە سەرەکییەکانی پلانی ئاشکراکراوی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، تا ئەیلوولی ساڵی داهاتوو (2025) سەدان سەربازی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی کە لەژێر فەرماندەیی سوپای ئەمریکادان، لە عێراق دەکشێنەوە؛ ئەوانەیش کە دەمێننەوە، تا کۆتایی 2026 عێراق بەیەکجاری بەجێ دەهێڵن. زانیارییە بەردەستەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن ئەم پلانە ڕێککەوتنی کۆتایی لەسەر کراوە و تەنیا هەنگاوەکانی کۆتایی ماون. لە ئێستایشدا بەهۆی بارودۆخی جەنگی غەززەوە ڕاگەیاندنی دوا کەوتووە[1]، بۆ ئەوەی نەبنە دەستکەوت بۆ گرووپەکانی دژ بە ئەمریکا؛ جگە لەوەیش هەندێك وردەکاریی پلانەکە هێشتا یەکلایی نەبوونەتەوە و لە قۆناغی دانوستاندان.

زانیارییە فەرمییەکان باس لەوە دەکەن ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق 2500 سەربازن، جگە لەوەیش 900 سەربازیش لە سووریان و بۆ پشتیوانیی "هێزەکانی سووریای دیموکرات" دژ بە داعش لە ئەرکدان؛ چالاکییەکانی سوپای ئەمریکاش لە هەردوو وڵات لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعشدایە کە ساڵی 2014 پێك هێنراوە[2]. بەڵام ئێستا سەرۆکوەزیرانی عێراق محەمەد شیاع سوودانی دەڵێت "هیچ پێویستییەك بۆ هەبوونی ئەو هێزە ئەمریکییە لە عێراقدا نەماوە لە پاش شکستی داعش"، بەتایبەت کە عێراق خۆی "توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ پاشماوەکانی داعش هەیە" بە قسەی سەرۆکوەزیران؛ هەروەها دڵنیایی دەدات لەوەی عێراق لە قۆناغی جەنگەوە، چووەتە دۆخی ئۆقرەیی و چیتر "داعش مەترسییەکی جددی نییە بۆ عێراق"[3].

بەپێی پلانە ئاشکراکراوەکە، کشانەوەکە بە دوو قۆناغ دەبێت: قۆناغی یەکەم لە ئەیلوول/ سێپتەمبەری ئەمساڵ (2024) دەست پێ دەکات و تا ئەیلوول/ سێپتەمبەری ساڵی داهاتوو (2025) دەخایەنێت؛ قۆناغی دووەمیش، دەبێت تا ئەیلوول/ سێپتەمبەری 2026 کۆتایی پێ بێت کە تێکڕا دەکاتە دوو ساڵ.[4] هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا بەرپرسێکی ئەمریکی ئەوەی درکاندووە کە ڕێککەوتنی کشانەوە لە عێراق ڕێگە بە ئەمریکا دەدات لە عێراقەوە هاوکاری پێشکەش بە سوپاکەی بکات لە سووریا (900 سەرباز)[5]؛ واتە کشانەوەکە لێکەوتەی لەسەر کانتۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی فورات (ڕۆژاوا) نابێت.

**پاڵنەرەکانی سەرهەڵدانەوەی کشانەوە**

کۆدەنگییەکی شیعی هەیە لەبارەی پێویستی و گرنگیی کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراق؛ ئەمەیش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بڵاوبوونەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراق، ڕێگرە لە سەربەخۆیی و سەروەری و، مەترسییە بۆ سەر دراوسێکانیش (ئێران). لە ئۆکتۆبەری 2023 بەدوایشەوە گرووپە شیعەکانی عێراق و هێزەکانی ئەمریکا دوژمنایەتییەکی نوێیان بۆ دروست بووە و عێراق بووەتە بەشێك لە بەرەی جەنگ دژی ئەمریکا و ئیسرائیل و، هێزە پەڕگیرە شیعەکان سوورن لەسەر ئەوەی "واشنتۆن کۆتایی بە دەستیدەستیکردن لە دۆسیەی کشانەوە لە بنکە سەربازییەکان بهێنێت و، هەژموونی خۆیشی لەسەر گرێبەستەکانی پڕچەککردنی عێراق هەڵگرێت[6]."

باوەڕی زاڵیش ئەوەیە حکوومەتی عێراق لەژێر گوشاری گرووپە شیعە چەکدارەکان و لێکەوتەکانی جەنگی غەززەدا سەرەتای ئەمساڵ (2024) ناچار بووە لەگەڵ ئەمریکا دەست بە دانوستان بکات بۆ گەیشتن بە خشتەیەکی کاتی کە کۆتاییهاتنی ئەرکی "هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعش" لەخۆ بگرێت[7]. لە لایەکی دیکەوە شرۆڤەکار و ئاگادارانی ڕەوشی ئێران باس لەوە دەکەن هاتنی "مەسعوود پزیشکیان"ی سەرۆککۆماری ئێران بۆ عێراق بەشێکی بۆ ئاساناکاریکردنی کشانەوە بووە؛ بەو پێیەی ئێران یارمەتیی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی عێراق بدات و کورد لە بەغدا نزیك بکاتەوە، بۆ ئەوەی دانانی خشتەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا خێراتر بکرێت و لەمپەری بۆ دروست نەبێت[8]. ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستیش ئەوەی درکاندووە ئەمریکییەکان نیگەرانن کە ئێران، عێراقی کردووە بە یەکەم وێستگەی سەردانە دەرەکییەکانی پزیشیکان کە ژمارەیە بۆ هەڵکشانی نفووزی ئێران و باڵەکانی لەم وڵاتە [9].

**دۆخی هەرێمی کوردستان**

لێدوانە فەرمییەکانی هەرێم هێشتا داعش بە مەترسی دەبینن؛ ڕۆڵی هێزەکانی هاوپەیمانانیش بە گرنگ دەبینن بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش و مەترسیی تیرۆر. وەزیری دەرەوەی عێراقیش، فوئاد حسێن، کە کوردە، لە یەکێك لە سەردانەکانیدا بۆ واشنتۆن ڕاشکاوانە ڕای گەیاند: کورد و سوننە و بەشێك لە شیعە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکادا نین؛ بۆ ئەمەیش پاساو و هاندەریان هەیە؛ بەڵام شیعەکان ئەمەیان بەئاشکرا نەوتووە[10]. بەپێی ڕاپۆرتی "واشنتۆن پۆست"یش لێکگەیشتنی بنەڕەتیی نێوان بەغدا و واشنتۆن لەبارەی سوپای ئەمریکاوە، دەرفەت دەدات بە جێهێشتنی هێزێکی بچووك لە هەرێمی کوردستان کە ئەرکی پاراستنی هەرێمە لە هێرشی باڵەکانی سەر بە ئێران. میدیا ئەمریکییەکە ئەم زانیارییەی لە زاری بەرپرسێکی عێراقییەوە گواستووەتەوە بەبێ باسکردنی وردەکاریی زیاتر؛ بەڵام ڕۆژنامە ئەمریکییەکە بەگشتی هۆشداریی داوە لە دووبارەبوونەوەی سیناریۆی 2011ی کشانەوەی ئەمریکا کە عێراقێکی لەرزۆکی بەجێ هێشت کە گیرۆدەی ناکۆکیی ئیتنی و گەندەڵی و لاوازی بوو. ئەمەیش دەرفەتی ڕەخساند بۆ دەرکەوتن و پەرەسەندنی داعش لەسەر خاکەکەی. لەم بارەیشەوە "دانا سترۆل" بەرپرسی توێژینەوەکانی پەیمانگەی واشنتۆن جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت کشانەوەکەی سوپای ئەمریکا گەرەنتیی ئەوەیشی لەگەڵدا بێت وڵات نەبێتە گۆڕەپانێك بۆ ئێران و، چارەسەری بڵاوبوونەوەی بەربڵاوی گەندەڵی لەخۆ بگرێت و یارمەتیی هێزە ئەمنییەکانیش بدرێت لە ئەرکی خۆیان[11].

**جۆری پەیوەندییەکانی پاش کشانەوە**

ژمارەیەك لە كۆنگرێسمانە ئەمریكییەكان باوەڕیان وایە هەر كشانەوەیەكی بێ بەرنامەی ئەمریكا لە عێراق، ڕێگە بە داعش دەدات خۆی ڕێك بخاتەوە یان دەرفەتی ئەوە بە ئێران دەدات بۆشاییەكەی ئەمریكا پڕ بكاتەوە[12]. بەڵام وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا جەخت دەكاتەوە ئەوان كار بۆ "گواستنەوەیەكی ڕێكخراو"ی "هاوبەشی ئەمنیی دووقۆڵیی هەمیشەیی" دەكەن لە پاش كشانەوە[13]، كە ئەمەیش ئاماژەیە بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێككەوتننامەی ستراتیژیی عێراق_ ئەمریكا كە ساڵی 2008 واژۆ كراوە. لە دیمانەكەی "بلومبێرگ"یشدا سوودانی هەر جەختی لەوە كردووەتەوە كە پاش كشانەوە، عێراق و ئەمریكا بەردەوام دەبن لە هەماهەنگی لە بوارە ئەمنی و ئابوورییەكاندا. لەبارەی شێوازی ئەو هەماهەنگییەیشەوە ڕاپۆرتە ئەمریكییەكان باس لەوە دەكەن لە چوارچێوەی نێردە دیپلۆماسییەكانی ئەمریكا دەبێت لە عێراق، بەبێ ئەوەی پێویست بكات ئەمریكییەكان بەشداریی ڕاستەوخۆی شەڕ بكەن[14]."

**لەمپەرەكانی بەردەم كشانەوە**

ئەگەرچی ڕێككەوتنی كشانەوە بە شێوەیەكی بەرایی و بنەڕەتی گەڵاڵە كراوە بەپێی ڕاگەیەنراوە فەرمییەكان، بەڵام بەپێی ئاماژە بەردەستەكان كۆمەڵێك لەمپەر و ڕێگر لە بەردەم پرۆسەكەدا هەن كە گومان لەسەر گەرەنتیی پلانەكە دەكەن و دەشێت بەم شێوەیە گەڵاڵە بكرێن:

_ بەپێی ڕاپۆرتێكی دەزگەی "Century foundation"ی ئەمریكا خشتەی كشانەوەی هێزەكانی واشنتۆن لە عێراق، مەرجدارە بە ڕاگرتنی هێرشی باڵە ئێرانییەكان؛ ئەمەیش كارێكە لە توانای حكوومەتی عێراقدا نییە گەرەنتی بكات[15].

_ ئیدارەی بایدن نایەوێ تا كۆتاییهاتنی هەڵبژاردن (نۆڤەمبەری 2024) هیچ هەنگاوێك بنێت لەبارەی كشاندنەوەی سوپاكەی، بەتایبەت كە ئێستا دۆسیەی كشانەوە لە ئەفغانسان بەشێكە لە هەڵمەتی گەرمی هەڵبژاردن. لە بەرامبەریشدا حكوومەتی عێراق نایەوێت تاكلایەنە هێزەكانی ئەمریكا دەربكات لە ترسی لێكەوتەی دارایی و، خوازیارە پرۆسەكە بە لێكگەیشتن بڕوات.

_ زانیارییەكان ئاماژە بەوە دەكەن فەرماندەیی هێزەكانی ئەمریكا و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییی ئەمریكا ئامادە نین دەستبەرداری عێراق ببن؛ لەو سۆنگەیەی پێگەیەكی گونجاوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران. لەسەر زەمینیش هیچ هەنگاوێك نەنراوە بۆ جموجۆڵی هێزەكانی ئەمریكا و، دیارە وڵاتە یەكگرتووەكان خاوەخاو دەكات چونكە دەزانێت عێراق گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران[16].

_ شارەزایانی سەربازی باس لەوە دەكەن هێشتا هێزەكانی عێراق لە ڕووی هێزی ئاسمانییەوە پێویستیان بە یارمەتیی ئەمریكی و نێودەوڵەتی هەیە، بەتایبەت ئەوەی كە پەیوەستە بە سیستەمی ڕادار یان بەرەنگاربوونەوەی ئامانجە دیاریكراوەكان [17]. بەپێی زانیارییەكانیش لە دانوستانەكاندا هێشتا یەكلایی نەكراوەتەوە ئایا ئەمریكا یارمەتیی ئاسمانی پێشكەش بە عێراق دەكات یان نا**[18]**.

_ لایەنی ئەمریكی نایشارێتەوە زۆر وردەكاریی دۆسیەی كشانەوە هەن، بە وڵاتانی بەشدار لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییەوە پەیوەستن؛ ئەوەیش هێشتا یەكلایی نەكراونەتەوە**[19]**.

_ بەردەوامیی جەنگی غەززە و كردنەوەی بەرەی جەنگ لە لوبنان و ئاسایشی ئیسرائیل و ئاسایشی

هاوپەیمانەکانی تری ئەمریکا لە ناوچەکە (ئوردن و کوێت و سعوودیا و وڵاتانی تری کەنداو)، ڕێگرن لە کشاندنەوەی کتوپڕی سەربازەکانی ئەمریکا لە عێراق و بەجێهێشتنی بۆ باڵە ئێرانییەکان.

_ زۆربەی سیستەم و کەرەستە سەربازییەکانی عێراق، ئەمریکین و بەبێ ڕاوێژکاری ئەمریکی و بەبێ ئەپدەیتی ئەمریکی دووچاری کێشە و تەنگژەی زۆر دەبنەوە و، عێراقیش ناتوانێت لەو بارەیەوە پێداگریی زۆر بکات[20].

_ بە کشانەوەی ئەمریکا بەبێ ڕێککەوتنێکی گشتگیری پێشوەختە، عێراق لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی و ئەندامانی ناتۆ دەکەوێتە داپڕانەوە، چونکە هیچیان بەبێ ئەمریکا ئامادەی هاوکاری و مانەوە نین لە جەنگی داعش.

_ گومانی زۆر لەسەر توانای سوپای عێراق و سیستەمی ئەمنیی وڵاتەکە هەیە لە توانای بەرەنگاربوونەوەی مەترسییە دەرەکییەکان بەبێ پشتیوانیی ئەمریکا[21]، بەتایبەت کە لە ئابی ڕابردوودا ئەمریکا کوشتنی 15 چەکداری داعشی لە ڕۆژاوای عێراق ڕاگەیاند[22].

_ بەپێی لێدوانە فەرمییەکان پێکهاتەی کورد و سوننە و بەشێك لە شیعە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکادا نین لە ئێستادا و، بۆ ئەمەیش پاساو و هاندەریان هەیە؛ بەڵام شیعەکان بەئاشکرا هیچ ناڵێن[23].

_ سەرەتای ئەمساڵیش باڵیۆزە بەهێزەکەی ئەمریکا لە عێراق، "ئیلینا ڕۆمانۆڤسکی"، پێش سەردانی سوودانی بۆ واشنتۆن هۆشداریی دا لەوەی داعش هێشتا مەترسییە، هەروەها ئەوەیشی ڕاگەیاند باسی کۆتاییهاتنی هاوپەیمانیی داعش لە ئارادا نییە![24]؛ هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا "ئیان ماکاری"، نوێنەری ئەمریکی لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ جەنگی داعش بەڕوونی ڕای گەیاندووە "لە ئێستادا هیچ پلانێک بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق نییە[25]."

**سیناریۆ بەردەست و ئەگەرە ڕێتێچووەکان:**

**یەکەم:** کشانەوەی تەواوەتیی هێزەکانی ئەمریکا بەو شێوەی گرووپە شیعەکان پێداگریی لەسەر دەکەن وەك بەشێك لە پاکتاوی حیسابات لەگەڵ ئەمریکا لە ناوچەکە. ئەمەیش لێکەوتە و لەمپەری زۆری لە بەردەمدایە و جێبەجێکردنی زۆر قورسە ئەگەر مەحاڵ نەبێت لە مەودای نزیکدا.

**دووەم:** مانەوەی سوپای ئەمریکا بە هەمان شێوەی خۆی کە 2500 سەربازە لە عێراق و گوێنەدان بە پێداگرییە عێراقییەکان لەو بارەیەوە. ئەم سیناریۆیەیش شانسی سەرکەوتنی زۆر نییە چونکە جگە لەوەی کشانەوەی ئەمریکا کۆدەنگییەکی شیعیی لەسەرە کە زۆرینەی حوکمڕانن، لە ئەمریکاش خواست زۆرە بۆ دوورکەوتنەوە لە گێژاوی جەنگە بێکۆتاییە بەردەوامە تێچوو زۆرەکان، بەتایبەت لە عێراق کە ئەزموونێکی تاڵە بۆ ئەمریکا.

**سێیەم:** سیناریۆی نزیك و ڕێتێچوو ئەوەیە تا کۆتاییی ئەمساڵ گۆڕانێکی گەورە لە دۆخی سوپای ئەمریکادا ڕوو نادات؛ لە پاش ئەوەیش ئەگەر هەردوو لا لەسەر وردەکاریی کشانەوە ڕێك کەوتن و یەکلایی کرایەوە، ئەوە جۆری پەیوەندییەکە دەگۆڕێت بۆ بەرکارکردنی "ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی ستراتیژیی 2008" کە پەیوەندیی هەردوو لای لە بواری ئاسایش و بەرگریدا کردووەتە دوورمەودا و درێژخایەن.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

[1] https://2h.ae/qBnA

[2] https://2h.ae/OjdP

[3] https://2h.ae/aTUP

[4] https://2h.ae/iXbW

[5] https://2h.ae/KslQ

[6] https://bit.ly/49fb6rB

[7] https://bit.ly/4afdorS

[8] https://2h.ae/jSuB

[9] https://2h.ae/wFdD

[10] https://bit.ly/3TATujZ

[11] https://2h.ae/wFdD

[12] https://2h.ae/aTUP

[13] https://2u.pw/4utvqpno

[14] https://2h.ae/PamG

[15] https://2h.ae/rZZm

[16] https://2h.ae/rZZm

[17] https://2u.pw/sVx8aZqx

[18] https://2h.ae/KslQ

[19] https://2h.ae/KslQ

[20] https://bit.ly/49gURKC

[21] https://bit.ly/4aCk4Ap

https://bit.ly/43FPWBK

https://bit.ly/43EdR4u

https://2h.ae/KslQ [22]

https://bit.ly/3TATujZ [23]

https://bit.ly/3TFUeoh [24]

https://bit.ly/3vwD0S5 [25]